www.kurdistannet.org
5-12-2007 0:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە خاچ دانی ڕۆحی غەریبی ... گەشاوە جاف



شەوە زەنگە شار بێ دەنگی دای پۆشیوە
دڵەی خەمناکی تەنهایی هەناسەمی هەڵتەنی وە
لە ژوورێکی چۆڵ و تاریك جۆش داماوم
لە بەینی زیندانی چوار دیوار لەخاچ دراوم
بۆ چرکەیەك بەدی ناکەم تروسکایی لەم ژینە
چەندە عومرێکی پڕحەسرەت وزام و برینە
دیواری ژوورەکەم بۆ منی مەسیح ئاسا لە خاچدراو
ئەسرین ئەڕژن بۆ شێوەی هەلبرسکاوی خوێناویم
یادگاریەکان هەریەك لەسەر تاقی ژوورەکەمن
هێدی هێدی زەردەبن و لە غەمما ئەمرن
ڕۆحم هێندە گرفتارە لەو دنیاش ئاسودە نابێ
دەرد و غەمی ئەم غوربەتە بە هیچ مەرگی سارا نابێ
گوڵی باخی ژینم تازە هەرگیز سەوزنابێ
بەهەشتی دنیای خەیاڵیش دەرگا قەد والآنابێ
تروسکاییەك نەبوو ڕۆژێ دڵ گەشبین کات
تاریکی ژینم بۆ تەنها جارێ پڕ ئەوین کات
گریە و ناڵەم ببڕێتەوەو ژیانم لا شیرنی کات
ئارەزووی تاساوی چەند ساڵەم بۆ بەدی کات

لەندەن / ٢٠٠٧
gashawa@chra. tv

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.